# ئادابی گفتوگۆکردن

[ كردي – کوردی – kurdish ]

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ آداب الحوار ﴾

« باللغة الكردية »

ياسين أحمد زنكنة

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئادابی گفتوگۆکردن

ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرنامەو ئامۆژگاری خۆی هەیە و، پێویستە مسوڵمانان رەچاوی بکەن و پێوەی پابەند بن. مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی قسەکەرە، پەروەردگار نیعمەتی ئاخاوتنی پێ بەخشیوە، لە هەمان کاتدا لە دووتوێی قورئان و فەرمودەدا چەندین رێنمایی و بەرچاورونی خراوەتەروو، تا مسوڵمانان لەکاتی گفتوگۆو قسەکردندا رەچاوی بکەن و سنور و بازنە شەرعیەکان نەبەزێنن، ئەمەو باسەکەمان لە دوو تەوەری سەرەکیدا دەخەینە روو:

**یەکەم: پاراستنی زمان وەك کلیلی حیوار و گفتوگۆکردن:**

١- پێغەمبەری ئازیز( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيرا أو ليصمت) متفق عليه. واتە: (ئەو کەسەی باوەری بەخواو رۆژی دوایی هەیە، با قسەی خێر و چاك بکات یان بێدەنگ بێت)

بروادار پێویستە هەردەم قسەی چاك بکات، ئەگەر قسەی چاکەی لانەبوو، واباشە بێدەنگ بێت.

لەم فەرمودەیەدا بڕوابوون بە خوای گەورەو رۆژی دوایی بەستراوە بە پاراستنی زمانەوە، کەواتە تا بۆمان دەکرێ با قسەی خێر و چاك بکەین، چونکە هەر قسەیەك کە دەیکەین لێی بەرپرسیارین، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: { مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ } ق ١٨ . واتە: هەر وتەیەك کە لە دەم دەردەچێت، چاودێرێکی بەسەرەوەیەو دەینوسێت ، بێگومان ئەو چاودێرانانەش فریشتەکانی سەرشانن .

نابی زۆر بڵێ و هەڵەشەو بین لە قسەکردندا، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: (وان أبغضكم إلي وأبعدكم منى مجلسا يوم القيامة الثرثارون والمتشدقون والمتفيهقون) رواه الترمذى وقال حديث حسن.

واتە: ئەوانەتان كە زۆرم رق لێیانە و چارەیانم ناوێت و لەمنەوە دوورن لە رۆژی دواییدا، ئەوانەن كە زۆر بڵێ و چەنەبازن و، زۆر قسە درێژ دەكەنەوەو زوو نایبرنەوە، لە كاتی قسەكردندا لوت بەرز و سەركەشن و خۆیان بەزۆرزان لەقەڵەم دەدەن .

بێدەنگی -لەكاتی خۆیدا- لە رەوشتی بەرزی موسوڵمانانەو كەم كەسیش دەتوانێت لەخۆیدا بەدی بهێنێی و خۆی لەسەر رابهێنێ، بۆیە دەبێ هەوڵی زۆر بدەین و خۆمانی لەسەر رابهێنین.

چونكە پێغەمبەری خوا لە یەكێك لە ئامۆژگارییەكانیدا دەفەرموێت (فليقل خيرا أو ليصمت).. پێویستە درێژی بە بێدەنگی بدەن و خۆتانی لەسەر رابهێنن، چونكە هۆیە بۆ راونان و دورخستنەوەی شەیتان و، یارمەتی دەرە بۆ پاراستن و جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی پەروەردگار.

٢- پێویستە موسوڵمان لەكاتی قسەكردندا ئاگای لەخۆی بێ و بزانێت چی دەڵێ، چونكە هەروەكو شێخ حەسەنی بەسری-رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت: (ئەی ئادەمیزاد، پەرەت بۆ كێشراوەو فریشتەكانیش دەست بە قەڵەم و ئامادەن و دەنوسن، چی دەڵێی بیڵێ)

٣- ئەوەی كە بروای تەواوی هەبێت بە رۆژی دوایی و بەوەی كە روبەروی دەبێتەوە لەگەڵ كردەوەكانیدا، ئەوا ناچار دەبێت كە زمانی بپارێزێت، چونكە زۆربەی تاوان بە زمان دەكرێت و بەری تاوانی زمانە، خاوەنەكەی بەرودا فرێ دەداتە دۆزەخەوە، هەروەك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: (وهل يكب الناس فى النار على وجوههم إلا حصائد ألسنتهم) رواه الترمذى وقال حديث حسن صحيح. واتە: ئایا هەر بەهۆی تاوانی زمانەوە نیە، خەڵك بەرووداا فرێ دەدرێنە ناو دۆزەخەوە؟.

٤- پاراستنی زمان لە قسەی خراپ و بێ جێ، هۆیەكی سەرەكیە بۆ گەیشتن بە پلەی ئیمان و سەرفرازی و بەختەوەری لە دنیاو دوارۆژدا، بۆیە هاوەڵە بەرێزەكانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆر هەوڵی پاراستنی زمانیان دەداو هەوڵیان دەدا تەنها بەپێی قورئان و سونەت قسە بكەن، خواناسی وا هەبوە رۆژانە یان هەفتانە سەرژمێری قسەكانی كردووەو پاشان بەراوردی كردوە، چەندی بۆ رەزامەندی خوای گەورە بوەو، چەندی قسەی دنیایی و بێ جێ بووە؟

٥- قسە زۆركردن دەبێتە مایەی هەڵەكردنی زۆر لە كاتی قسەكردندا، چونكە كە زۆرت وت لەوانەیە چاكیش بڵێیت و خراپیش بڵێیت.

وەك پێشەوا عومەری كوری خەتاب دەڵێت: (من كثر كلامه كثر سقطه، ومن كثر سقطه كثر ذنبه، ومن كثر ذنبه فالنار اولى به) واته: (هەركەسێك قسەی زۆر بكات هەڵەی زۆر دەبێت، هەركەسیَ هەڵەی زۆر بێت تاوانی زۆر دەبێت، هەركەسێك تاوانی زۆر بوو ئاگر شایستەیە بۆی)

٦- ئەبو موسا خوای لێرازیبێت وتی : وتم :( یا رسول الله أي المسلمين أفضل ؟ قال من سلم المسلمون من لسانه و يده ) متفق عليه .

واته ئەی پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) كام لە مسوڵمانان چاكترینن ؟ وتی : ئەوانەی كە مسوڵمانان لەدەست و زمانیان بێوەین . لێرەدا پاراستنی زمان بەرامبەر بە مسوڵمانان وەك سیفەتێكی بەرزی مسوڵمانێتی هاتۆتە ئەژماردن .

٧- پێویستە مسوڵمان خۆی لەو قسەو باسانە بەدور بگرێت كە پەیوەندی بەوەوە نیەو پێویستی پێی نیە ، هەروەها خۆی بپارێزێت لەچپەچپ ، بەڵكو زۆر جار ئەم رەفتارانە دەبێتە مایەی نیگەرانی و دڵئێشانی كەسانی بەرامبەر .

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی: { لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ }النساء ١١٤ .

واتا : هیچ چاكەیەك نیە لە زۆربەی چپەو سرتە كردنەكانیاندا ، مەگەر یەكێك فەرمان بكات بەماڵ بەخشین یان چاكە یان چاكردنی نێوان خەڵكی.

هەروەك پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم )فەرمویەتی: (من حسن إسلام المرء تركه مالا يعنيه) أخرجه الترمذی.

بەواتای : لەجوانی و چاكی مسوڵمانێتی كەسێك ئەوەیە كە خۆی بەدور بگرێت لەوانەی كە پەیوەندی بەوەوە نیە .

٨- هەندێك لە دانایان وتویانە گەر پیاو لە كۆڕێكدا بوو حەزی لە قسەكردن بوو بابێدەنگ بێت ، گەر بێدەنگ بوو حەزی لە بێدەنگی كرد با قسە بكات ، نەبادا قسەكردنەكەی یان بێدەنگیەكەی لە خۆبەگەورە زانینەوە هاتبێت .

**دووەم: ئادابی حیوار و گفتوگۆ كردن:**

**١- دڵسۆزی**

پێویستە لەکاتی حیوارو گفتۆکردندا دڵسۆزی تەواو بە خەرج بدەین و مەبەستمان ڕەزامەندی خواو گەیشتن بەراستیەکان بێت ، خۆمان بەدور بگرین لەخۆدەرخستن و هەر ئاکارێکی نەشیاوو ناپەسەند ، یان مەبەستمان خۆسەپاندن و خۆناساندنێك بێت کە لوتبەرزی و خۆبەگەورە زانینی لێ بخوێنرێتەوە .

ئەمەو دڵسۆزی و نیەت پاکی مەرجی یەکەمی وەرگیرانی هەر کارو کردەوەو عیبادەتێکی مسوڵمانە لەلایەن خوای گەورەوە، هەروەك لە قورئاندا فەرمویەتی: { وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ }البينة:٥.

بەواتای : فەرمانیان پێنەدرابوو مەگەر بەوەی پەرستشی خوا بکەن ، بەدڵسۆزی ملکەچی بۆ بکەن .

لە بەڵگەی دڵسۆزی و نیەت پاکی بۆ خوا ئەوەیە مرۆڤ خۆشحاڵ بێت لەکاتی گفتوگۆکردندا گەر راستی لەسەر زمانی بەرامبەرەکەیەوە دەرکەوت. هەروەك ئیمامی شافعی رەحمەتی خوای لێبێت فەرمویەتی: ( ما ناظرت احدا الا تمنيت لو ان الله ظهر الحق على لسانه )

بەواتای : مشتومرو و گفتوگۆم لەگەڵ هەرکەسێکدا کردبێت ئەوا ئاواتەخواز بووم خوای گەورە راستیەکان لەسەر زمانی ئەوەوە دەربخات .

**٢- پابەند بوون بەکات**

پێویستە لەکاتی گفتوگۆکردندا ئەو راستیە لەمێشکدا بچەسپێت، کە سنور بۆ قسەکانمان دابنێین و درێژەی نەدەینێ و، بەرامبەر وەرس و ماندوو نەکەین و، چەندێك بوار بە خۆمان دەدەین بۆ قسەکردن، ئەوەندەش کات بدەینە کەسی بەرامبەرمان تا قسە بکات، لەهەمان کاتیشدا بەچاکی و جوانی گوێی لێبگرین و قسەی پێ نەبرین تا بەتەوای لە وتەکانی دەبێتەوە. ئەمەو پێویستە رەچاوی کات بکەین و پێوەی پابەند بین.

**٣-گوێگری باش**

هەرچۆن دەخوازیت بەرامبەر گوێبیستی وتەکانت بێت و قسەت پێ نەبرێت ، پێویستە تۆش گوێگرێکی باش بیت و رەچاوی هەست و نەستی بەرامبەر بکەیت ، سیفاتی گوێبیستی باش لە رەوشت بەرزیدایەو ناکرێت بەهیچ بیانویەك فەرامۆش بکرێت .

ئەمەو گفتوگۆکەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە هونەری گوێگرتن بەچاکی بزانێت و بەباشی رەچاوی بکات ، هەروەك چۆن قسەکردن هونەر و چێژو ئادابی خۆی هەیە گوێگرتنیش بەهەمان شێوە ئاداب و هونەری خۆی هەیە.

**٤- پابەند بوون بە وتەو ئاکاری جوان و دورکەوتنەوە لە گرژی و توندو تیژی**

پێویستە لەکاتی گفتۆکردندا پابەندبین بە بەوتەو گفتۆگۆی جوانەوە ، هەروەك خوای گەورە لە چەندین دەقی قورئاندا ئاماژەی پێداوە .

{ وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ }الإسراء ٥٣ .

بەواتای : بڵێ بەبەندەکانم قسەیەك بکەن باشترینی قسەبێت .

هەروەها فەرمویەتی: { وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا } البقرة ٨٣ .

بەواتای :قسەی جوان بکەن لەگەڵ خەڵکیدا بکەن .

هەروەها فەرمویەتی: { وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ }النحل ١٢٥ .

بەواتای :بەچاکترین شێوە لەگەڵیان بدوێ .

کەسی ژیر و دنیادیدەو حەقخواز پێویستە خۆی بەدور بگرێت لە شێوازی تانەو تەشەرەو سوکایەتی پێکردن و دژایەتی و تورەکردن و مامەڵەی زبر و توند و هەر هەڵوێست و جموجۆڵێکی نەشیاو.

لە گفتوگۆکردندا کارکردنە سەر بەرامبەرو دڵراکێشانی لە پێشتر و گرنگترە لە بەدەستهێنانی دەسکەوتەکان، پێویستە بزانرێت زمانی زبرو دەنگی بەرز و خۆ گیفکردنەوە تەنها رق و کینەو دژایەتی لێ فەراهەم دێت و لە ئامانجەکان دورمان دەخاتەوەو کاردانەوەی خراپیش لای بەرامبەر دروست دەکات.

**٥- رێزگرتنی بەرامبەر**

پێویستە لە کۆری گفتوگۆ و حیواردا، جەخت بکرێتەوە لەسەر رێزگرتنی هاوبەش لەنێوان هەموو لایەنەکانداو، هەریەك مافی خۆی پێ بدرێت و، دان بە ئاست و پلەو پایەیدا بنرێت و، بە دەستەواژەی شایستەو نازناوی گونجاو و شێوازی شیرین لەگەڵیدا بدوێت. ئەم ئاکارانەش بەرەو وەرگرتنی حەق و دورکەوتنەوە لە هەواو ئارەزوو و زاڵبوون بەسەر دەروندا دەمانبات، بەڵام بە کەم زانینی بەرامبەر و پەراوێزکردنی، بەرەو ئاقاری

خراپ دەمانبات و ناگەین بە ئامانجەکان و گفتوگۆکان بەرەو لارێ دەروات و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. هەموو لایەنەکان پێویستە تواناکانیان چرکەنەوە لەسەر ئەو کێشەو بابەتەی کە لەسەری دەدوێن و، هەموولا هەوڵ بدەن بگەن بە ئەنجامێکی باش و خوازراو، دورکەونەوە لەگیانی لوتبەرزی و خۆ بەگەورە زانین و خۆدەرخستن و بریندارکردنی بەرامبەر.

ئامانج و بەرهەمی حیوار گەیشتنە بە راستیەکان، هەرکەس مەبەست و خواست و داواکانی حەق بێت، بە نزیکترین و جوانترین رێگا پێی دەگات، رێگای رون و ئاشکراش رێگای حیوار و گفتوگۆکانە، ئەو رێگایەی پێغەمبەرانی خوا (سەلامی خوایان لێ بێت)، لەنێویاندا پێغەمبەری ئیسلام محمد ( صلی الله علیه وسلم ) سەرمەشق و پێشەوای حیوار و گفتوگۆ بووە بە مەبەستی گەیاندنی پەیام و بانگەوازی خوا بە مرۆڤایەتی، ئەمەو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی: (ادع الی سبیل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتی هی احسن ان ربك هو اعلم بمن ضل سبیله وهو اعلم بالمهتدین ) النحل:١٢٥.

بەواتای : خەڵکی بانگ بکە بۆ رێگەی پەروەردگارت بەلێزانی و دانای و ئامۆژگاری چاك و شیرین وە لەگەڵیان بدوێ ( موجادەلە بکە ) بێگومان پەروەردگارت چاك دەزانێت بەوانەی گومرابوون و لایان دا لە رێگاکەی ، هەر خۆشی زانایە بەوانەی لەسەر رێگای راستن .

### ٦- ئارامی و نەرم و نیانی

پێویستە کەسی گفتوگۆکەر نەرم و نیان و بەئارام و خۆگربێت و بۆ بچوکترین شت تورە نەبێت . چونکە تورەبوون و زبری زیان بە رەوشی گفتۆگۆ دەهێنێ و لەمەبەست و ئامانجەکان دورمان دەخاتەوەوە .

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی:{ خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ } الاعراف١٩٩ .

بەواتای : دەست بگرە بەلێبوردەییەوە (چاوپۆشی بکە) فەرمانیش بدە بە چاکەو چاکەکردن روو وەرگێرە لەنەفامان و نەزانان و وازیان لێبێنە .

### سەرچاوەکان

بۆ ئامادەکردنی زنجیرە باسەکانی ئاداب و هەڵسوکەوتەکان سود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە :

١- پوختەی تەفسیری قورئان/ ئامادەکردنی مەلا محەمەد مەلا صالح .

٢- موسوعة الحقوق الإسلامية/ سعد يوسف محمود ابو عزيز/ المكتبه التوفيقية/ القاهرة- مصر

٣- موسوعة الحقوق الإسلامية/ الشيخ محمود المصرى- ابو عمار-/ مكتبه الصفا- ط١ ٢٠٠٨

٤- شخصيه المسلم كما يصوغها الإسلام فى الكتاب والسنة/ الدكتور محمد على الهاشمى/ ط١ ١٤٢٥هـ. وزاره الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد السعودية.

٥- بەرنامەی پەروەردەیی، کۆمەڵی ئیسلامی کردستان.

٦- مختصر منهاج القاصدين- الإمام المقدسي

٧- رياض الصالحين- الإمام النووي.

٨- الترغيب والترهيب- الإمام المنذري.

٩- خلق المسلم/ محمد سعيد مبيض.

١٠- آداب الحوار و قواعد الاختلاف ... إعداد د. عمر بن عبد الله كامل

١١- ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت.